پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە فرۆشتنی زیو بە زیو، ولە ئاڵتون بە ئاڵتون، مەگەر کێشیان یەکسان بێت، وفەرمانی پێمانکرد بە کڕینی زیو بە ئاڵتون یان کڕینی ئاڵتون بە زیو بە هەر شێوەیەک ویستمان

لە ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە فرۆشتنی زیو بە زیو، ولە فرۆشتنی ئاڵتون بە ئاڵتون، مەگەر لە کێشدا هاوسەنگ (یەکسان) بێت، وفەرمانی پێمانکرد بە کڕینی زیو بە ئاڵتون یان کڕینی ئاڵتون بە زیو بە هەر شێوەیەک ویستمان، گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: پیاوێک ووتی: ئایا (گۆڕینەوە وپارەدانەکە دەبێت لە هەمان شوێن بێت دەست بە دەست)؟ گێڕەرەوەی (فەرموودەکە دەڵێت: من ئەمەم بیست (لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فرۆشتنی ئاڵتون بە ئاڵتون، وزیو بە زیو ڕیبایە (سووە) مەگەر لە کێشدا هاوسەنگ (هاوئەندازە) بن، بەڵام فرۆشتنی ئاڵتون بە زیو، وزیو بە ئاڵتون ڕێگەپێدراوە ئەگەرچیش کێشیان جیاواز بێت (هاوسەنگ نەبن)، بەڵام پێویستە گۆڕینەوە وپارەدانەکە جێبەجێبکرێت لە هەمان شوێندا پێش جیابوونەوەی فرۆشیار وکڕیار، ئەگەر وا نەبێت ئەوا ئەمە لە ڕیبای دواخستنە (ربا النسیئة) وحەرامکراوە، ئەگەر ڕەگەزی شتەکان جیاواز بوو؛ ئەوا دروستە کێشیان جیاواز بێت، بەڵام مەرجە دەبێت گۆڕینەوە وپارەدانەکە (دەست بە دەست) لە هەمان دانیشتنی گرێبەستەکە بێت، ئەگەر ئەمە ئەنجامنەدەن ئەوا مەرجی ڕیبای تێدایە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5921